حەمە عەلی عەلیان:

# دەروازەیەک بۆ تراجیدیایکوشتنیبەکۆمەڵ"

سەرگوزشتەی دەربازبوویەکیگۆڕە بەکۆمەڵەکان" "

چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد عەلیعەلیانیدا"

سازکردنی چاوپێکەوتن: یۆست هیلتەرمان.

نووسینەوەی چاوپێکەوتنەکەو پەراوێزەکان: نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا



یۆست/ من ناوم هیلتەرمانە. ئێمە/1993/3 لەگوندی(عەلیان)ین، ناحیەی تیلەکۆ- کەلار. خەریکیچاوپێکەوتنین لەگەڵئەم پیاوەیلەتەنیشتمەوە دانیشتووە. تکایەخۆتمان پێ بناسێنەو ناویتەواوتمان پێ بڵێ؟

حەمەعەلی/ محەمەد عەلیئەحمەد.

یۆست/ ناویباوکیچیبوو؟

وەرگێڕ/ ناوی.. ناویباوکت؟

حەمەعەلی/ لەجنسیەو لەهەموو شوێنێک هەتا نەڵێیت محەمەد عەلیئە حمەد کەس نامناسێت.

وەرگێڕ/ محەمەد کەریم ئەحمەد؟

یۆست/ ناویتەواویخۆت، باوک و باپیرت؟

حەمەعەلی/ محەمەد عەلیئەحمەد محەمەد خەلیل وەرگێڕ/ موالیدیچەندی؟

حەمەعەلی/ هەزار و نۆسەد و پەنجا و شەش.

یۆست/ منیش هەمان موالیدم!

وەرگێڕ/ لەکام گوند لەدایک بووی؟

حەمەعەلی/ (ڕووئەکاتەدایکی): لەم دێیەنییەدایە؟

با، لەم عەلیانە.

یۆست/ هەموو ژیانت هەر لەعەلیان بوویتە" بردۆتەسەر"؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. بەڵێ

یۆست/ تا ئەنفال؟

حەمەعەلی/ تا ئەنفال.. بەڵێ.

یۆست/ ژنت هێناوە؟

حەمەعەلی/ بەڵێ، دوو ژنم هێناوە.

یۆست/ کاتیئەنفال دوو ژنت هەبووە؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.

یۆست/ چەند منداڵت هەبوو؟

حەمەعەلی/ پێنج کوڕ و دوو کچ !

یۆست/ خانووەکەیگوندیعەلیانت پێش ئەنفال وەکو ئەو خانووەبوو؟ (چەند گەورەبوو؟)

حەمەعەلی/ نەوەڵڵا.. ئەو پیاوەئەزانێ، خانوویچاکم بوو، دیوەخان چاکم بوو، ماڵچاک.

دەنگێک/ .. ئەرەوەڵڵا دیوەخانیبی...

(قسەکەیپێ ئەبڕِن). یۆست/ لەچیدروستکرابوو؟

حەمەعەلی/ وەڵلاهی‌لەبەرد دروستم کردبوو.
یۆست/ ئەو خانووەچەندی‌ژوور تێدابوو؟
حەمەعەلی/ وەڵلا تەقریب.. ژوور.. شانزەژووری‌بوو! یۆست/ کاری‌چیت ئەکرد؟ (چ کارەبووی)؟
حەمەعەلی/ وەڵلاهی.. تراکتۆم بوو، فەلاحەتم بوو.. ئەمانە.. یۆست/ زەوی‌موڵکی‌خۆت هەبوو؟
حەمەعەلی/ زەویم زۆر بوو.. بەڵێ
یۆست/ چەند دەبوو؟
حەمەعەلی/ وەڵلا ئیتر دۆنم جێی پەنجا وەزنەعەرزم هەبوو.. بەڵێ.. یۆست/ زەرعاتەکەت چی بوو؟
حەمەعەلی/ زەرعاتی‌وەکو تەماتەو بامیەو فەلاحەت و وکو گەنم و جۆ و...
یۆست/ غەیری‌تراکتۆرەکەچی دیت هەبوو؟
حەمەعەلی/ نە.ْ
وەرگێر/ چی دیکەوەکو مزەخەی‌ئاوی؟
حەمەعەلی/ نەْ.. نەوەڵلا هیچی‌ترم نەبوو.
یۆست/ حەیوانات چیت هەبوو؟
حەمەعەلی/ وڵاخم بوو.. وڵاخ. حەیوانم نەبووە. بەس وڵاخم بووەوەکو مانگا.
وەرگێر/ چەند مانگات هەبووە؟
حەمەعەلی/ وەڵلا دەوور پانزەشانزەمانگام بووە..
(دەنگی‌دایکی‌حەمەعەلی‌دێت: گشتیان برد !) یۆست/ چی حەیوانی‌دی؟
حەمەعەلی/ نەمبوو.. هەر ئەوەندە.
یۆست/ گوندی‌عەلیان چەند خانوو بوو؟
حەمەعەلی/ دێکەهەمووی؟
وەرگێر/ ئا هەمووی.
حەمەعەلی/ وەڵلا تەقریب بیست ماڵبوو، ئەویش تەقریب لەگوێرەی‌من بێ چۆتەدووسەد سێ سەد ماڵی تیا بووە.
وەرگێر/ هەموو گوندەکە؟
حەمەعەلی/ ئا....
وەرگێر/ دووسەد سێ سەد خانوو؟ حەمەعەلی/ بگرەزیاتریش بوو.. ئالێرەوەهەتا ئا ئەو خوارەدەچوو..
یۆست/ مەبەستت لەسێ سەد خانوو سێ سەد عائیلەیە؟ حەمەعەلی/ نەْ.. یەعنی.. ئەو... تۆ بۆ خانووەکان سوعال ئە کەی.. بیست عائیلەی‌تیابوو.
وەرگێر/ ئا.. تۆ مەبەستت سێ سەد کەسە؟
حەمەعەلی/ ئا.. بیست عائیلەی‌تیابووە.
وەرگێر/ چۆن بیست عائیلەسێ سەد کەس ئەبوو؟
حەمەعەلی/ کوڕەچۆن بێ قەزابی.. سێ سەد کەس زیاترە. من هەر خۆم...
وەرگێر/ بیست خانوو بوو گوندەکەتان؟
حەمەعەلی/ هەریەکێ‌وەکو من دەخانووم بووێت (بووبێت) یا شانزەخانووم بووێت ئەکا چوارسەد پێنج سەد خانوو.. زیاتریش ئەکا. تۆش خۆت لێکی‌دەرەۆ.. زیاتر ئەکا.
وەرگێر/ تۆ... خانوو... یەعنی‌چی؟
حەمەعەلی/ ژوور وەکو ئەمانەناڵێیت توو ؟
وەرگێر/ نا.. نا.
حەمەعەلی/ ئەی. توو وا دەڵێیت.
وەرگێر/ ئەتوو خانوویەکت هەبوو هی ئاوها. چەند خانووەتر هەبوو لەگوندی؟
حەمەعەلی/ ها.. تۆ خانوو ئەڵێیت.. ئێمەبەوەئەڵێین خانوو "مەبەستی‌ژوور بوو".

**وەرگێڕ/ نەْ.. خانوو یەعنیماڵ.. ماڵ.. ئێرەهەمووی.**

**حەمەعەلی/ بیست ماڵبوو.. بیست ماڵ.**

**یۆست/ واتەبیست عائیلەش بوونە. ڕاستە؟**

**حەمەعەلی/ بەڵێ.**
**یۆست/ ئەیچەند کەسی تیابوو (لێ بوو)؟**
**وەرگێڕ/ چەند کەس دەبوون ئەو گوندە، هەمووی؟**
**حەمەعەلی/ وەڵڵا هەموویهیچ نەبێ پێنج سەد شەشەسەد کەس بووە.. ئەوەیمنداڵو گەنج و گەوەرەو هەمووی.... کێی دەرچوو؟ هیچیدەرنەچوو... هەموویگیراوە.**
**"تێبینی: ئەو شێوازەلێکدانەوەیەیمحەمەد عەلی کەگۆترەکارین، شێوازێکیباو بووەلەناو گوندنشینەکانیکوردەواریدا بۆ ئاماژەکردن و دیاریکردنیژمارەو قەبارەو ڕووبەر و هەرشتێک کەپەیوەندیبەپێوانەکردنەوەهەبووبێت. ئەوەڕەنگدانەوەی بارینەخوێندەوارییو دواکەوتووین کۆمەڵەکەبووە، بەڵام لەبابەخیباس و بابەتیچاوپێکەوتنەکەکەم ناکانەوە.**
**ژمارەڕاستیەکان بەم جۆرەبووە: گوندیعەلیانیگەورەبەرلەئەنفالەکان لەپانزەخێزان و شەست و دوو کەس پێکهاتبوو، عە لیانیبچوکیش لەشانزەخێزان و نەوەد و یەک کەس پێکهاتبوو. بڕوانەکتێبی: توونیمەرگ، لاپەڕە– چاپی یەکەم 1995".**
**یۆست/ گوندەکەچەند دوور بوو لەتیلەکۆوە؟.. بەپێ؟**
**حەمەعەلی/ بەپێ.. دوو سەعات ئەبێ.**
**وەرگێڕ/ ئەیبەسەیارە؟**
**حەمەعەلی/ بەسەیارەئەوپەڕیسێ چارەک.. نیم سەعات.. سێ چارەک.. بیست و پێنج دەقە.**
**یۆست/ چ جۆرەئاوێک لەگوند هەبوو؟**
**وەرگێڕ/ ئاوەکەتان لەکوێدەهات لەگوندی؟ سەرچاوەکەتان؟**
**حەمەعەلی/ سەرچاوەمان هەر ئەمەبوو: لەم چەمە.. ئەمەتانیلەم خوارە.**
**یۆست/ بۆ خواردنەوەش؟**
**حەمەعەلی/ بەخواردنەوە، بەڵێ.**
**یۆست/ کارەبا هەبوو لەگوندەکە؟**
**حەمەعەلی/ نەْ.. نەبووە.**
**یۆست/ قوتابخانە؟**
**حەمەعەلی/ بوو..**
**وەرگێڕ/ چەند؟**
**"تێبینی: ئەم نموونەیەکیخۆتێهەڵقورتاندن و پرسیاریزیادەیوەرگێڕەکەیەکەخوێنەر لەسەرجەمیچاوپێکەوتنەکەدا درکی پێ ئەکات. لێرەدا هیچ مەعقول نییەبۆ گوندێکیبیست ماڵی پرسیاریئەوەبکرێت چەند قوتابخانەیتێدابووە...!"**
**حەمەعەلی/ وەڵڵا هەرئەوەبوو..**
**وەرگێڕ/ یەک ئبتیدایی؟ (؟؟)**
**حەمەعەلی/ بەڵێ.**
**یۆست/ مامۆستایەکان هیحکومەت بوون؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێ.. هینی حکومەتیش بوو لەدوایشا هینی شۆڕشیش بوو.**
**یۆست/ کەیهیشۆڕش جێگایهیحکومەتیگرتەوە؟**

**وەرگێڕ/ ساڵی چەند بوو شۆڕش مامۆستای‌خۆی‌هێنا؟ یەعنی‌مامۆستای‌حکومەت بەجێیان هێشت؟**
**حەمەعەلی/ وەڵڵاهی... چەند بوو؟...**
**وەرگێڕ/ بابیرت بێنمەوە.. چەند ساڵ‌پێش ئەنفال حکومەت مامۆستاکانی‌خۆی‌کێشاوەو شۆڕش هی‌خۆی‌هێنا؟**
**حەمەعەلی/ وەڵڵاهی‌تەقریبەن هەشتا و شەش بوو.. هەشتا و حەوت بوو.. ئا هەشتا و حەوت.**
**وەرگێڕ/ هەشتا و حەوت؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێ.. هەشتا و پێنج بوو هەشتا و پێنج.**
**یۆست/ سێ ساڵ‌پێش ئەنفال؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێ‌ٌٌٌ.. بەڵێ.. وابوو. ئیتر نازانم.**
**یۆست/ مزگەوت لەگوندەکەدا هەبوو؟**
**وەرگێڕ/ مزگەوتتان هەبوو؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێ.**
**وەرگێڕ/ چەند؟ (؟؟ٌ!)**
**حەمەعەلی/ یەک.**
**یۆست/ ئەی‌خەستەخانە؟**
**وەرگێڕ/ ئەی‌خەستەخانە، مستەوسەف،..**
**حەمەعەلی/ نەبووە، هیچ نەبووە.**
**یۆست/ ئەگەر یەکێکی‌خەڵکی‌گوند نەخۆش کەوتبا چییان لێ ئەکرد؟**
**حەمەعەلی/ وەڵڵاهی‌مەگەر بمردایە.. ئەگینا بۆ کوێمان ئەبرد؟**
**ئەگەر یەکێ‌هارب نەبووایەخۆی‌ئەڕۆیی بۆ دوختەر و ئەگەر هاربیش بوایەئەوا بۆخۆی لەماڵ ئەکەوت نەئەڕۆیی...**
**وەرگێڕ/ بۆ کوێ ئەچوو؟**
**حەمەعەلی/ بۆ کفری، بۆ کەلار ئەچوو.. ئەگەر...**
**یۆست/ ئێستا ئێمەباس (پرسیار) لەپێش ئەنفال ئەکەین..**
**وەرگێڕ/ هەرچ پرسیارێکت لێ ئەکەین ئێستا هی‌پێش ئەنفالە.**
**یۆست/ ئەو ماوەی‌پێش ئەنفال حکومەت هیچ هاتۆتەگوندەکە؟**
**حەمەعەلی/ نەْ.. نەْ.. نەبووە.**
**یۆست/ هیچ هەوڵی داوەبێت؟**
**وەرگێڕ/ محاوەلەی‌کرد بێت؟ نەیتوانی؟ چۆن بوو؟**
**حەمەعەلی/ وەڵڵاهی‌ئەوکاتەی‌پێش ئەنفال حکومەت محاوەلەی‌ئەکرد.. ئەوەبوو ئەهات.. لەدوزەوەئەهات بێت بۆ ئاواییە کان..**
**پێشمەرگەلەبەردەمیا بوو کەئەوکاتەشەڕی ئەکرد و ئیتر کاتێ هاتەئێرەئێمەچۆڵمان کرد.**
**وەرگێڕ/ لەئەنفالەکە؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێ.**
**یۆست/ لەکەیەوەپێشمەرگەوا بەتوانابوو بتوانێت حکومەت ڕەتکاتەوە؟ حەمەعەلی/ وەڵڵاهی.. لەو کاتەوە.. ئەوکاتەی کاک خالید لەم مەنتیقەیا بوو توانای‌شەڕی‌بوو لەم مەنتیقەیا.. ئیتر لەوکاتەوە.**
**وەرگێڕ/ چ ساڵێک بوو؟ بەبیرت نایەتەوە؟**
**حەمەعەلی/ نەْ.. نازانم ساڵی چەند بوو وەڵا...**
**یۆست/ کاک خالید کێیە؟**
**حەمەعەلی/ خالید گەرمیانی.. مەنشوورەشەهیدبووە.**
**یۆست/ پێشمەرگەبوو؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێ.**

یۆست/ لەکاتیکاک خالید چی ڕوویدا؟
وەرگێڕ/ وەختیکاک خالید بوو وتت حکومەت نەیدەتوانیبێتن؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئەوەچەند ساڵپێش ئەنفال بوو؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا.. چوار پێنج ساڵئەبوو.؟
یۆست/ حکومەت بەهیچ شێوەیەک هێرشی کرد (یا دەکرد)؟
حەمەعەلی/ وەڵلاهی ئیتر حکومەت بەتەیارەئەهات و.....
وەرگێڕ/ بەتەیارەیحەربی؟
حەمەعەلی/ بەتەیارەیحەربی و ناقیلەو بەدەبابەو ... ئەهات و...
یۆست/ ئەو دەبابەو ناقیلانەدەگەیشتنەگوندەکە؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. ئەگەر بیتوانیایەبڕوایەتەگوندێک ئیتر...
وەرگێڕ/ نا.. نا.. ئەتوو باسی گوندیعەلیان بکە.
حەمەعەلی/ بۆ ئێرە؟
وەرگێڕ/ ئەگەیشتەگوندیعەلیان؟
حەمەعەلی/ نە.. نەهاتووە.
یۆست/ تەیارەیحەربی چیدەکرد؟
حەمەعەلی/ تەیارەیحەربی موراقەبەیدەکرد و ئەهات ئەنیشتەوەلەمراکەبۆ یەک دوو زەلام و...
وەرگێڕ/ تەیارەیحەربی نەهەلیکۆپتەر.
حەمەعەلی/ کۆپتەر هاتووە.
وەرگێڕ/ حەربی نەدەهات؟
حەمەعەلی/ با حەربیش دەهات ڕەمیدەکرد و..
یۆست/ ڕەمیدەکرد بەڕەشاش؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا ئیتر تەقەیئەکرد بەدۆشکەو ئەمانە.
یۆست/ تەقەیلەچیئەکرد؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا ئیتر هەرچیبوایەحەتا ئافرەتیش منداڵیش.
یۆست/ ئەو گوندەیئێوەلەداخلیمەنتقەیموحەرەمەبوو (ناوچەیقەدەغەکراو)؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ چەند ساڵپێش ئێستا بوو؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا نازانم چەند ساڵپێش ئێستا بوو. ئەوەبوو بەرلەوەحکومەت قەرارێکیدەرکرد وتیئەوەیتەسلیم ئەبێت.. ئەوەشیتەسلیم نابێت بیگرم ڕەمیئەکەم.
یۆست/ چەند ساڵپێش ئەنفال ئەوەبوو؟
حەمەعەلی/ چەند ساڵبوو؟ وەڵڵاهیئەوەبوو.. بەبیرم نایێ. من نازانم بەبیرم نایێچ ساڵێکە. من خوێندەواریم نییە.
یۆست/ خەڵکیگوند بەرامبەر بەهێرشی حکومەت چۆن خۆیان دەپاراست؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهی.. ئەوەیەئەگەر حکومەت نەیتوانیا نەبچێتەسەرگوندێک بەئار پی جی لێیان ئەدا وتەقەمان لێئەکرد و ئەگەڕایاوەدواوە..
وەرگێڕ/ لەعەلیان؟
حەمەعەلی/ بەڵێ لەعەلیان.. وەکو تویکن و ئاوها. (توکن گوندێکیترە).
یۆست/ خەڵکیگوندەکەخۆیان تەقەیان ئەکرد؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. بەڵێ گوندوپێشمەرگەوعەشایەر و..
یۆست/ پێشمەرگەهەبوو لەگوندەکە؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ بنکەیان هەبوو لەگوندەکە؟
وەرگێڕ/ مەقەڕیان هەبووەلێرە؟
حەمەعەلی/ مەقەڕیان نەبوو.. بەس پێشمەرگەیتیابوو.. ماڵەکان پێشمەرگەیبوو.
یۆست/ پێشمەرگەیسەربەچ حزبێک بوون؟
وەرگێڕ/ چ حزبێک بوون پێشمەرگەیکەدەهاتنەئێرە؟ (؟؟)
حەمەعەلی/ پێشمەرگەییەکێتی.
وەرگێڕ/ بەس یەکێتی؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
وەرگێڕ/ هیدینەبوون؟
حەمەعەلی/ نەبوون.
یۆست/ نزیکترین بنکەیپێشمەرگەلەکوێبوو؟
حەمەعەلی/ بەس لەدەربەن دەرەوار و لەبانیمۆرد و ئەمانە.
یۆست/ چەند دوورن لێرەوە؟
حەمەعەلی/ بەمەکینەچوارسەعاتەڕێئەبێ.
یۆست/ ئەو دوو سێ ساڵەیپێش ئەنفال وەزعیئێرەچۆن بوو؟
هێمن بوو؟ شەڕوهێرشی تیادا بوو؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهیئیتر وەزعمان زۆر ناخۆش بوو، حکومەت لەکوللیلایەکەوەهجومیئەکرد بۆمان.
یۆست/ لەو کاتانەخەڵکیلەماڵەکانیخۆیان دەمانەوە؟
حەمەعەلی/ بەڵێ لەگوند ئەماینۆ.. ئەگەر تەیارەبهاتایەئەڕۆینەمەلجەئوخۆیان ئەشاردەوە، ئەگەر تەیارەکەبڕۆیایە ئیتر...
یۆست/ مەلجەئەکەتان لەکوێبوو؟
حەمەعەلی/ مەلجەئەکەمان هەموویلەناو ئەوکەلاوەڕمیاوەبوو. هەچ کەسەلەحەوش خۆیا.
یۆست/ ئەومەلجەئانەلەچیدروستکرابوون؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا لەداردروستمان کردبوو، بەردمان بۆیدانابوو.. یۆست/ ئەمین بوو؟
وەرگێڕ/ تەئمین بوو؟ یەعنیباش بوو؟
حەمەعەلی/ باشبوو.. بەڵێ.
یۆست/ هیچ تۆپباران ئەکران؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. هەموو لەسەر قەڵاوەتۆپی پێمانەوەئەنا ئەچوو بۆ....
یۆست/ ئەوهێرشانەیحکومەت چەند ماوەجارێک دەیکرد؟
وەرگێڕ/ حەفتەیان مانگیچەندجار؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهیهەندێ جاربوو لەمانگێکا دووکەڕەت سێ کەڕەت دەرئەچوو... جاریواشبوو لەسێ مانگ کەڕەتێک ئە هات.
یۆست/ ئەیئەو ساڵانەیپێش ئەنفال، زۆربووە؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئەو کاتەیلەساڵی 1978 کەحکومەت سەرژمێرییەکەیکرد ئاگاداربوویی؟
وەرگێڕ/ ..... دێتەوەبیرت؟
حەمەعەلی/ بەڵێ، ئاگاداربووم، هەتاکو جوابیان بۆمان نارد ئێمەنەڕۆیمان.
وەرگێڕ/ کێخەبەریبۆ ناردی؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهیئیتر یەکێکیوەکو ئەوەیئیختیار بوایەموالیدینەگیرایەلەشارەوەبهاتایەئەیوت حکومەت ئەڵێ ئەوی

ئیحسا نەکا دوایئەو ساکەبیگرم ڕەمیئەکەم.
یۆست/ تۆ لەبەرچینەچوویت؟
حەمەعەلی/ لەبەرئەوەیپێشمەرگەبووین و ملمان وەحکومەت نەئەدا و پێمان ناخۆش بوو، نەئەڕۆیمان.
یۆست/ تۆ خۆت پێشمەرگەبوویت؟
حەمەعەلی/ پێشمەرگەنەبووم، بەس وەکو پێشمەرگەبووم، لەگەڵکاک خالید و ئەوانا..
یۆست/ تۆ یەکێک بوویت لەهێزیپشتگیری؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ هێزیپشتگیریچییە؟ بۆم باسبکە؟
حەمەعەلی/ ئەوهێزیپشتگیرییەئەوەبوو جەماعەت پێشمەرگەدایان نابوو.. ئەویش پیاوێک جەماعەتێ پێشمەرگەبوون.. ئە گەر جەیشێک بهاتایە، خەبەریانیش بۆ ئێمەئەهاورد.. ئێمەش ئەڕۆیمان بەشداریمان ئەکرد.
یۆست/ ئەو پشتگیریەخەڵکیگوندەکەبوون؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ پێشمەرگەکانیش خەڵکیگوندەکەبوون؟
حەمەعەلی/ خەڵکیگوندەکەبوون و ئەم دێکەیتر و ئەو دێکەیتر. یۆست/ ئێستا با باسی ئەنفال بکەین، لەکاتیئەنفالدا تۆ لەگوند بووی؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ هەردوو ژن و منداڵەکانیشت لەگەڵت بوون؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ کەیئەنفال بوو؟
حەمەعەلی/ بەخوا نازانم چ ساڵێک بوو... بەهار بوو، ئاوا بەرەو جۆ درەو ئەڕۆیی.. درەو دەسی نەدابوو.
یۆست/ وەکو ئەو کاتەیئێستا بوو؟
حەمەعەلی/ نەْ، جۆ خەریک بوو دەسی ئەدا..
وەرگێڕ/ درەنگتر بوو یەعنی؟
حەمەعەلی/ ئا درەنگتر بوو.
یۆست/ پێش، لەکات یا دوایڕەمەزان بوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. دوایئەو ساکەڕەمەزان بوو.. گیریاین، دوایئەوەدوو سێ ڕۆژ ڕمەزان بوو.
یۆست/ کاتیئەنفال چیڕوویدا؟
حەمەعەلی/ وەڵلاهیوەختیئەنفال ئەوەیە.. ئێمەیان برد لێرۆکانەو.. ئەوکاتەخۆمان ڕۆیمان، هەموویڕۆیمانەهەوارەقوڵە ، لەوراکانیگشتمان کۆبووینۆ و ...
یۆست/ لەبەر چی گوندتان بەجێهێشت؟
حەمەعەلی/ وەڵلاهی لەبەرئەوەگوندمان جێهێڵا هەموو حکومەت هجومیئەکردەبانمانا و..
یۆست/ حکومەت چەند ساڵی پێشووتر هەر هێرشی ئەکردەسەرئێوە، ئەوساڵەجیاوازیچی بوو؟
حەمەعەلی/ ئەو ساڵەلەکوللی لایەکەوەهجومیئەکرد، بۆمان هات، ئێمەنەمان ئەتوانیدانیشین و لێماندا ڕۆیمان.
یۆست/ بەچ لایەکدا ڕۆیشتن؟
وەرگێڕ/ چ ڕێگەیەکتان گرتەبەر؟
حەمەعەلی/ وەڵلا هەموویتراکتۆریپێبوو، ماڵ، منداڵ، ئەمانخستەناویەوەو...
یۆست/ ئاژەڵەکانیش؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئەیکەلوپەلی ماڵ؟
حەمەعەلی/ وەڵلا کەلوپەلیماڵهەموومان لەگەڵخۆمان برد و خستمانەناو گەلابەوە.

وەرگێڕ/ گەڵابە؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. گەڵابەیمەکینەوەک ئەوە..
یۆست/ بەخەیاڵی خۆتان داتان نابوو بگەڕێنەوەگوندەکەتان؟
وەرگێڕ/ دەتانزانیدەگەڕێنەوە؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهیئێمەش وەک ئەوحەمکەخەڵکەڕۆیمان وتمان بەشکەم حکومەت هیچمان پێنەکات و بمانبا لەشوێنێکا بۆخۆمان دانیشین. نەمانزانیئیتر ئاوهامان وەسەر دێ.
یۆست/ لەچ شوێنێک؟
وەرگێڕ/ یەعنیلەچ شوێنێک داتان ئەنێواتان دەزانی؟
حەمەعەلی/ وتیان لەمەنتیقەیئەوبەرفیرقەهەیە.. لەوبەر.. لەورا دەواریان هەڵداوە، لەورا داتان ئەنێن.. فەتاح بەگ وتبووی...
یۆست/ ئەوەت گوێ لێ بوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئەوەپێش ئەوەیگوندەکەبەجێبێڵن گوێتان لێبوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ پێشمەرگەلەگەڵتان بوون؟
حەمەعەلی/ پێشمەرگەهەمووی لەم شاخانەبڵاوەیدابوو..
وەرگێڕ/ لەگەڵئێوەنەبوون؟
حەمەعەلی/ نەْ.
یۆست/ چەکت پێبوو؟
حەمەعەلی/ من.. بەڵێ.
یۆست/ چ جۆرەچەکێکت پێبوو؟
حەمەعەلی/ چەکێکیڕقەم (دە)م پێبوو؟
وەرگێڕ/ نەوعی چییەڕقەم دە؟
حەمەعەلی/ ڕقەم دەهەر قۆناغ دارە.
یۆست/ ئەوەچییە؟ کلاشنکۆفە؟
حەمەعەلی/ بەڵێ کلاشنکۆفە.
یۆست/ بۆ ڕێگایمیل قاسمتان گرتەبەر؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهیئیتر عالەم هەر لەو؟؟؟؟؟؟؟؟ ئەڕۆی و ئێمەکەوتمانەناو...
یۆست/ چ کاتێک بوو گوندتان بەجێهێشت؟
حەمەعەلی/ ئێوارەبوو.
وەرگێڕ/ چەن؟ سەعات چەن؟ تاریک داهاتبوو؟
حەمەعەلی/ ئاوها دەم عەسر بوو جێمان هێڵا و ڕۆین.
یۆست/ هەر هەمان کات هەموو خەڵکیگوندەکەچۆڵیان کرد؟
حەمەعەلی/ بەڵێ هەموومان پێکەوەدەرچووین؟
یۆست/ کەس نەمایەوە؟
حەمەعەلی/ کەس نەماوە(نەمایەوە).
یۆست/ پیرەژن و پیرەمێردەکانیش؟
حەمەعەلی/ هەموویبەتراکتۆر ڕۆیشتن.
یۆست/ ماوەیچەند (چەند ماوە) بەڕێگاوەبوون؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهیتەقریب سێ ڕۆژ بوو.. سێ ڕۆژ.

یۆست/ گەیشتنەمیل قاسم؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. ئیتر ئەو سێ ڕۆژەبوو گەیشتینەمیل قاسم. یۆست/ میل قاسم ئەوەندەدوورە؟
وەرگێڕ/ میل قاسم چەندەدوورە؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا میل قاسم لێرەوەسەعاتونیوێک دوو سەعات چارەکێ کەم ئەبێ‌وەمەکینەتراکتۆر.
یۆست/ ئەگەر سەعات و سێ چارەک ئەبێ ئەی‌چۆن سێ ڕۆژتان پێچوو تا بگەنەئەوێ؟
حەمەعەلی/ ئاخر لێرەوەڕۆیمان لەگوند هەوارەقەڵەشەوێک لاماندا لەوراکە، شەوێکیش لەپەلەوشک لاماندا، ئەو... ماینەوەخەوتمان بۆ بەیانی‌ڕۆیمان بۆمیل قاسم. ئیترهەتا برمانیانەسەرجەعدەکەوخەریکمانیان کرد و دامانیان گرت، ئیتر ئەوەبووەسێ شەوەکە.
یۆست/ پێش ئەوەی‌بگیرێن، شەوێک لەپەلەوشک مانەوە، ئەی‌دوای‌ئەوە؟
حەمەعەلی/ یەکەم شەو نەچوومانەهەوارەقوڵە؟ شەو دووەم چوومانەپەلەوشک. ڕۆژی‌سێهەم بۆ ئێوارەبردمانیانەفیرقە.
یۆست/ سێیەم ڕۆژ تووشی جەیش بوون؟
حەمەعەلی/ بەڵێ تووشی بووین. جەیش هات بەردەمی‌لێمان گرت لای‌میل قاسم (...........) و ئەوجەماعەتە، ئیتر لەورا گرتمانیان.
وەرگێڕ/ ئێوەنیەتتان دانابوو بۆ خۆتان بڕۆنەلای‌جەیش، ئاوها بڕۆن؟ حەمەعەلی/ ئێمەبەرەوصمود ئەڕۆیمان.
لەبەرچی‌صمود؟
حەمەعەلی/ لەبەرئەوەی‌بڕۆین بۆصمودونەجاتمان بێ‌بۆخۆمان. نەمنازانی‌حکومەت ئەلەورا بەردەمی‌لێمان گرت.
چۆن ئەتتوانی‌لەصمود نەجاتت بێت؟
حەمەعەلی/ حکومەتی‌تیادا وێت، چیبکەین؟ سەرمان لێشێواوی، ئەگەر ڕوومان لەشوێنێ نەکردا، ئەی‌ئەم عالەمەبۆکوێ بڕوا؟
یۆست/ لەبەرچی‌واتان دەزانی‌لەصمود ئەمان هەیە؟
حەمەعەلی/ وتمان لەبەرئەوەیەکوردی‌تیادەو بەشکوم گوزەران بکەین و بمێنینەوە، بمانشارنەوە. حکومەت لەوراکەبان جەعدەکانی‌گرتبوو دەبابەوناقیلەوێسیتیابوو نەیێڵا یەک کەس لاداتۆ.
یۆست/ دەتانویست لەوێ‌خۆتان بشارنەوە؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. بەڵێ.
یۆست/ خزم وکەسوکارتان لەصمود هەبوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. هەیمانە.
یۆست/ لەوکاتەی‌ئەنفالدا خزمەکانتان لەوێ‌ئەژیان؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئێوەپێش ئەوەی‌بگەنەصمود جەیش لەمیل قاسم ڕێی پێگرتن؟
حەمەعەلی/ بەڵێ ڕێی لێمان گرت.
یۆست/ ئێوەیان ڕاگرت؟
حەمەعەلی/ بەڵێ ئێمەیان ڕاگرت.
یۆست/ ئەوانەچی بوون/ جەیش بوون یان...
حەمەعەلی/ جەیش بوون بەڵێ.. عەسکەری‌بوون و...
وەرگێڕ/ بەس عەسکەری؟
"تێبینی: ئەمەلەوپرسیارەزیادانەی‌وەرگێڕەکەیەکەقسەی‌بەحەمەعەلی بڕی وبەتەواوەتی‌خستیەگومانەوەو دوودڵی کرد لەوە ی‌ڕستەکەی‌تەواو بکات یان نەکات. ئەودوودڵیەی‌حەمەعەلی لەسەرکاسێتەڤیدیۆکەبەئاشکرا دیارەودەبینرێ".
حەمەعەلی/ بەڵێ.
"تێبینی: ئەم بەڵێیەبەواتای‌سەلماندنی‌پرسیارەگوماناویەکەی‌وەرگێڕەکەگوایەبەس عەسکەری‌ئەوانیان گرتووە. ئەوەنەلە حاڵەتێکدا پێشترحەمەعەلی لەناو وەڵامەکانیدا وبەبێ ئەوەی‌ئەوپرسیارەی‌لێکرابێ، وتوویەتی‌فەتاح بەگ وئەوجەماعەتە

پێشیان پێگرتوون کەلەپێش جەیشەکەوەبوونە".
یۆست/ کەوابوو بەبێ جاش بوون ؟
"تێبینی: زرنگییۆست لەپرسیارەکانیدا دەرئەکەوێت و بەوپرسیارەیحەمەعەلی هێنایەوەدۆخیوەڵامدانەوەیئاسایی– بێ دوودڵی و وتی...".
حەمەعەلی/ جاشیانیش تیابوو.. بەڵێ.
یۆست/ قسەتان لەگەڵجاشەکان کرد؟
حەمەعەلی/ نەوەڵڵا کەس قسەیان لەگەڵیان نەکرد. نەیان ئەوێرا ئەوانیش.. ئێمەکەسمان قسەمان لەگەڵیان نەکردووە، کەسیشم نەدیوەقسەیان لەگەڵبکا. کەس نەیئەوێرا قسەبکا.
یۆست/ دوایئەوەچیڕوویدا؟
حەمەعەلی/ دامانیان گرت هیچیان لێمان نەکرد، بەس وتیان ئەوەیچەکیهالاوەبێرێتیتەسلیمیکا، ئەوەیەبەعزێکەس دایپێ و بەعزێکەس نەیداپێیان. شاردیانەوە.. ئەیانخستەناوبارەوە..
یۆست/ چۆن چەکەکانتان گل ئەدایەوە(تەسلیمتان نەئەکرد)؟
حەمەعەلی/ هەندێکیئەوەیلەناوماڵابوو لەناوتراکتۆرا.. ماڵبی کەلپەل و پێخەفیتیابی ئەمانخستەژێریەوە.

یۆست/ لەبەر چیواتان دەزانیلەصمود ئەمان هەیە؟
حەمەعەلی/ وتمان لەبەرئەوەیەکوردیتیادەو بەشکوم گوزەران بکەین و بمێنینەوە، بمانشارنەوە. حکومەت لەوراکەبان جەعدەکانیگرتبوو دەبابەو ناقیلەوێسیتیابوو نەیێڵا یەک کەس لاداتۆ.
یۆست/ دەتانویست لەوێخۆتان بشارنەوە؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. بەڵێ.
یۆست/ خزم و کەسوکارتان لەصمود هەبوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.. هەیمانە.
یۆست/ لەو کاتەیئەنفالدا خزمەکانتان لەوێئەژیان؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئێوەپێش ئەوەیبگەنەصمود جەیش لەمیل قاسم ڕێی پێگرتن؟
حەمەعەلی/ بەڵێ ڕێی لێمان گرت.
یۆست/ ئێوەیان ڕاگرت؟
حەمەعەلی/ بەڵێ ئێمەیان ڕاگرت.
یۆست/ ئەوانەچی بوون/ جەیش بوون یان...
حەمەعەلی/ جەیش بوون بەڵێ.. عەسکەریبوون و...
وەرگێڕ/ بەس عەسکەری؟
"تێبینی: ئەمەلەو پرسیارەزیادانەیوەرگێڕەکەیەکەقسەیبەحەمەعەلی بڕی و بەتەواوەتیخستیەگومانەوەو دوودڵی کرد لەوەیڕستەکەیتەواو بکات یان نەکات. ئەو دوودڵیەیحەمەعەلی لەسەر کاسێتەڤیدیۆکەبەئاشکرا دیارەو دەبینرێ".
حەمەعەلی/ بەڵێ.
"تێبینی: ئەم بەڵێیەبەواتایسەلماندنیپرسیارەگوماناویەکەیوەرگێڕەکەگوایەبەس عەسکەریئەوانیان گرتووە. ئەوەنەلە حاڵەتێکدا پێشتر حەمەعەلی لەناو وەڵامەکانیدا و بەبێ ئەوەیئەو پرسیارەیلێکرابێ، وتوویەتیفەتاح بەگ و ئەو جەماعەتەپێشیان پێگرتوون کەلەپێش جەیشەکەوەبوونە".
یۆست/ کەوابوو بەبێ جاش بوون؟

"تێبینی: زرنگییۆست لەپرسیارەکانیدا دەرئەکەوێت و بەو پرسیارەیحەمەعەلی هێنایەوەدۆخیوەڵامدانەوەیئاسایی- بێ دوودڵی و وتی...".
حەمەعەلی/ جاشیانیش تیابوو.. بەڵێ.
یۆست/ قسەتان لەگەڵجاشەکان کرد؟
حەمەعەلی/ نەوەڵڵا کەس قسەیان لەگەڵیان نەکرد. نەیان ئەوێرا ئەوانیش.. ئێمەکەسمان قسەمان لەگەڵیان نەکردووە، کەسیشم نەدیوەقسەیان لەگەڵبکا. کەس نەیئەوێرا قسەبکا.
یۆست/ دوایئەوەچیڕوویدا؟
حەمەعەلی/ دامانیان گرت هیچیان لێمان نەکرد، بەس وتیان ئەوەیچەکیهالاوەبێرێتیتەسلیمیکا، ئەوەیەبەعزێکەس دایێ و بەعزێکەس نەیداپێیان. شاردیانەوە.. ئەیانخستەناوبارەوە..
یۆست/ چۆن چەکەکانتان گل ئەدایەوە(تەسلیمتان نەئەکرد)؟
حەمەعەلی/ هەندێکیئەوەیلەناو مالابوو لەناو تراکتۆرا.. ماڵبی کەلپەل و پێخەفیتیابی ئەمانخستەژێریەوە.
یۆست/ ئەیتۆ چیت کرد؟
حەمەعەلی/ من چەکەکەم قایم کرد و هەتاکو چوومەفیرقە.
یۆست/ دوایئەوەیداوایچەکەکانیان کرد چی ڕوویدا؟
حەمەعەلی/ ئەوەسا (ئەوسا) دوایئەوەهەموو خەڵکیان خڕ کرد لەو قاعەیا حەوشێ گەورەبوو، وتیان ئەوەیچەکیپێیە بێریتیتەسلیمیکا..
ئەگەر تەسلیمینەکا دوایی ڕەمیئەکەین. وەڵڵا ئیتر ئێمەش بردمان، هەموو ئەوەیچەکیبوو لەترس گیان خۆیا بردیتە سلیمیکرد.
یۆست/ جارێمەچۆ فیرقە. هەر لەمیل قاسم.
حەمەعەلی/ بەڵێ.. لەمیل قاسم بەعزێکیچەکیتەسلیم کرد، بەعزێکیش لەناو بارا قایمیکرد، نەیدا.
یۆست/ چەند مانەوەلەمیل قاسم؟
حەمەعەلی/ هەروا دەوریسەعاتێک سەعاتونیوێک..
یۆست/ دوایئەوە؟
حەمەعەلی/ دوا و بەریان لێمان گرت و بردمانیان بەرەو جەعدەکە.
یۆست/ چۆن ئێوەیان برد؟
حەمەعەلی/ ئێمەبەمەکینەکان خۆمان ڕۆیمان، ئەوانیش ئەم دیو ئەو دیویان لێمان گرتبوو.
وەرگێڕ/ لەگەڵئێوەڕۆیشتن؟
حەمەعەلی/ بەڵێ، نەیانتێڵا یەک نەفەر داوەزێ.
یۆست/ ئەوانەهەر خەڵکیگوندیعەلیان بوون یا گوندیتریش؟
حەمەعەلی/ هیهەمووی.. خەڵک قەرەداخ بووە، خەڵک دیو داوێبووە، جاف بووە، هەمووی..
یۆست/ خەڵکیقەرەداخیش؟
حەمەعەلی/ هەمووی‌بووە.. خەڵک گشت شوێنێکیتیابووە..
سەرلێشێواو!
یۆست/ چۆن خەڵکیقەرەداخ گەیشتبوونەئەوێ؟ حەمەعەلی/ تیابوو بەتراکتۆر ئالەویاکەوەهاتبوون ئالەم یاکەمابوونەو، ئەوانیش لەیەڵئێمەهاتن.
یۆست/ لەکوێوەهاتبوون؟
حەمەعەلی/لەم شاخ قەراخەبەم دیوا.. لەبانیمۆردەوەهاتبوون. یۆست/ هاتبوونەگەرمیان؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ چەند ڕۆژ پێش ئەنفالیگەرمیان ئەوان هاتبوونەگەرمیان؟ حەمەعەلی/ ئیتر ئەلەو ڕۆژێلەکەوا حکومەت هجومیئە کرد و ئەهات، ئەوانیش لەترس گیان خۆیان ڕایان ئەکرد و هاتبوونەئێرە.

**یۆست/ ئەو جادەیەیهاتنەسەریلەنێوان کوێو کوێبوو؟ حەمەعەلی/ ئەو جەعدەڕەئیسیەی.. ئەو.. گەیشتین پێی.. بۆ کفریئەڕۆیی و بۆ کەلار ئەڕۆیی.**

**یۆست/ دوایئەوەیگەیشتنەسەر ڕێگا گشتیەکەچیڕوویدا؟ حەمەعەلی/ چووینەسەر جەعدەیڕەئیسی و ڕاست خستمانیانە بان جەعدەو بردمانیان بەرەو کەلار.**

**یۆست/ هەر لەناو تراکتۆرەکان بوون؟**

**حەمەعەلی/ بەڵێ.. بەڵێ.**

**یۆست/ دوایئەوە؟**

**حەمەعەلی/ دوایی لەکەلار ڕەتمانیان کرد بردمانیان یەکسەر بۆ فیرقە.**

**یۆست/ فیرقەلەکوێبوو؟**

**حەمەعەلی/ فیرقەلەوبەرە.. لەوبەر.. قۆرەتوو. "مەبەست ئەوبەریچۆمی سیروانە. فیرقەش لەقەڵا سەربازیەکەیقۆرە توودا بوو".**

**یۆست/ چەند ماوەیپێچوو تا گەیشتنەقۆرەتوو؟**

**حەمەعەلی/ وەڵڵا نازانم.. بەچوار سەعات ڕێ بەپێنج سەعات تراکتۆر.. لەسەر جەعدەکەوە.. نیمەیشەو ڕۆیمان.**

**یۆست/ چ کاتێک بوو گەیشتنەسەر جادەیڕەئیسی؟**

**حەمەعەلی/ هەموویجەعدەیڕەئیسی بووەتا کەلار لەوێش تا فیرقە.**

**یۆست/ دوایئەوەیلەعەلیان ڕۆیشتن چ کاتێک گەیشتنەسەر جادەیڕەئیسی؟**

**حەمەعەلی/ سەعات نۆیبەیانیبوو.**

**یۆست/ یانیلەو جادەڕەئیسیەوەتا قۆرەتوو هەتا نیوەشەویخایاند؟**

**حەمەعەلی/ بەڵێ.. ئیتر بردمانیان، خەریکمانیان ئەکرد و بڕانەو بێسەو بڕۆ و ئاوها بوو.**

**یۆست/ لەفیرقەچیڕوویدا؟**

**حەمەعەلی/ وەڵڵا لەفیرقەبردمانیانەئەورا، بەرلەوەمەکینەکانیان پێکردەحەوش و ئیتر فڕێمانیاندا ئەو قاعێلەوە.**

**وەرگێڕ/ مەکینەکانتان بردەحەوشەوە؟**

**حەمەعەلی/ بەڵێ مەکینەکانمان بردەحەوشەکۆ و خۆمان چووینەئەو قاعۆلەو هەر بڕێکمانیان فڕێدایەقاعەیەکەو.**

**یۆست/ چۆن؟ تاقم تاقم؟**

**حەمەعەلی/ بەڵێ جەماعەت جەماعەت ئەمانیانکردەئەو قاعێلەو دوایی ئەوسا...**

**وەرگێڕ/ جەماعەتەکان چۆن بوون؟ جیایان ئەکردنەوە؟**

**حەمەعەلی/ نەوەڵڵا من لەگەڵعایلەکەیخۆما بەیەکەوەبووم هەتا لەو قاعەیەلایان بووم، عالەم وەکو من لەگەڵمناڵە کانیخۆیانا مابوونەوە، بەس مەکینەکانیان کردەدشتەوە... ماڵەکەیان داگرت.**

**یۆست/ دەرەوەیچی؟**

**حەمەعەلی/ دەرەوەیحەوشەکە.**

**یۆست/ ئەو کاتەکەلوپەلەکانیخۆت پێبوو؟**

**حەمەعەلی/ بەڵێ.**

**یۆست/ وەکو چی؟**

**حەمەعەلی/ هەرچیماڵێک... ماڵەکەم هەموو لەلابوو، هەموو غەرازێک.**

**یۆست/ ئەوانەیفیرقەچیبوون؟**

**حەمەعەلی/ عەسکەریبوون و شورتەبوون و ئەوانە.**

**وەرگێڕ/ شورتەو ئەمن بوون؟**

**حەمەعەلی/ ئەمنیش بوون بەڵێ.**

**یۆست/ لەوێناونووسیان کردن؟**

**حەمەعەلی/ بەڵێ.. ناو ئەوەیەئەویچەکیپێ بێ.. من بۆ خۆم چەکم پێ بوو، چەکەکەلەورا تەسلیمم کرد، ناومیان**

نووسی.

یۆست/ لەقۆرەتوو؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.

یۆست/ چ پرسیارێکیان لێ کردی؟

حەمەعەلی/ وتیان چیبوویت و وتم فەلاحم.

یۆست/ پرسیاریدی؟

حەمەعەلی/ وەڵڵاهیوتمان فەلاحین، نەمانەوێرا هیچ بێژین. وەرگێڕ/ پرسیارەکان، چ پرسیارێکیان دەکرد؟

حەمەعەلی/ وتیان توو چیت؟ پێشمەرگەیت؟ وتم نەۆ، پێشمەرگەنیم فەلاحم.

یۆست/ پرسیاریتر؟

حەمەعەلی/ ئیتر هیچ نەبوو... قەڵەباڵغ بوون، زۆر بوون، ئیتر ناویان ئەنووسی و ئەوەیچەکیان....

یۆست/ چەند مایتەوەلەقۆرەتوو؟

حەمەعەلی/ سێ شەوماینەوە.

یۆست/ ئاو و خواردنیان دانێ لەقۆرەتوو؟

حەمەعەلی/ بەخوا تووڕ هات (!). نان نەبوو، هیچ نەبوو، هیچمان نەخواردووە. ئەوەیوەلایخۆمانەوەنەبێ نە مانخواردووە. ئەوەیلەگەڵخۆمانا نەبێ لەتراکتۆرەکانا بردبوومان ئەوەمان ئەخوارد. یۆست/ ئەیئاو؟

حەمەعەلی/ بەخوا ئاویشیان ئەهاورد نەیانئەدا پێمان، ئەیانڕشت، ئەیاندا لێما..

حەمەعەلی/ تورەهاتێک.

یۆست/ هیچ پێیان نەوتن لەبەرچیلێرەن یان بۆ گیراون؟

حەمەعەلی/ وەڵڵاهی... ئێمەحکومەتین و ئێوەحکومەتتان نییەو ئاوهانەو ئاوهاتان لێئەکەین..

وەرگێڕ/ ئێوەحکومەت نین و..؟

حەمەعەلی/ ئا.. حکومەت بەعس... ئەیانگوت کوا مام جەلال کوا؟ یۆست/ نەیانگوت چیتان لێئەکەن؟

حەمەعەلی/ وەڵڵاهی.. نەمانئەزانی.. نەمانئەزانیچیمان لێ ئەکەن.

یۆست/ ئەوانەیسەر بەحکومەت بوون کوردیان تیادابوو؟

حەمەعەلی/ وەڵڵا کوردم نەبینیوەلەگەڵیان.

یۆست/ ئەو سێ شەوەلەگەڵخێزانیخۆت بوویت؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.

یۆست/ دوایئەو سێ شەوە؟

حەمەعەلی/ دوایئەو سێ شەوەی... زیلیان هاورد، بەعزێماڵمان ئەخستەناویانەوە، بەعەجەلەوردەماڵمان نەمانئەزانیو ئیتر لەوەوەخستمانیانەناو زیلەکانەوە.

یۆست/ دوایئەوە؟

حەمەعەلی/ بردمانیان بۆ تۆپزاوە.

یۆست/ تۆپزاوەچییە؟

حەمەعەلی/ وەکو مەعەسکەرێک بوو.

یۆست/ لەکوێیە؟

حەمەعەلی/ لەو مەنتیقەینازانم.. لایکەرکوک.

یۆست/ چەنتان پێچوو تا ئەوێ؟

حەمەعەلی/ هەر ئەو ڕۆژەیبانگمانیان کرد بردمانیانەئەوێ.

وەرگێڕ/ چەند سەعات؟

حەمەعەلی/ تەقریب سێ سەعات، چوار سەعات، سێ سەعات... خەریکمانیان ئەکرد لەڕێ وسوارمانیان ئەکرد و...

یۆست/ چەند زیل بوو؟

حەمەعەلی/ زۆر بوو... بێژە.. هەزار زیل ڕەنگەبەیەکەوەڕۆیبێ. یۆست/ ئەو ڕۆژانەیپێش ئەوەیئێوەبەرن بۆ کەرکوک، خەڵکیتریان ئەبردەدەرێیان تۆ هەمووتانیان بەیەکەوەبرد؟ کەسیان دەبردەدەرێپێش ئەوەیئێوەبەرن؟

حەمەعەلی/ لەفیرقە؟

وەرگێڕ/ ئا؟

حەمەعەلی/ لەفیرقەئەوەیەپێت ئەڵێم: کەسیان نەبردووە. مەگەر نایەژم ئەوەیچەکیپێ بووبێ بردوویانەچەکەکەیتەسلیم کردووەو هاتۆتەوەبۆ ناوعائیلەکەیخۆی.

وەرگێڕ/ ئەزانم. یەعنینەیانبردۆتەدەرێبەسەیارە؟

حەمەعەلی/ نەْ.

یۆست/ هەرکەگەیشتنەتۆپزاوەچیڕوویدا؟

حەمەعەلی/ گەیشتینەتۆپزاوەولەوڕاکەلەزیلەکان دامانیان گرت، عائیلەوەلایەکا بردمانیان وئەوەشی گەنج و زەلام وەک من بووبێت یەکسەر هاوردمانیان، خڕمانیان کرد لەدوایەک ڕیزمانیان کرد، ئەوەیسویچ مەکینەیپێ بێ، ئەوەیناخون بڕی پێ بێ، ئەوەیسەعاتیپێ بێ، هەموویان لێ سەند بردیان.. هەمووی، تەزبیحیش.

گوندیعەلیان، دەروازەیەک بۆ تراجیدیایکوشتنیبەکۆمەڵ"سەرگوزشتەیدەربازبوویەکی!!/<td

گوندیعەلیان، دەروازەیەک بۆ تراجیدیایکوشتنیبەکۆمەڵ"سەرگوزشتەیدەربازبوویەکیگۆڕەبەکۆمەڵەکان"(ب–10)

2008 /5/11

یۆست/ دوایئەوە؟

حەمەعەلی/ هیوا.

یۆست/ هیدوایئەوە؟

حەمەعەلی/ سەنگەر.

یۆست/ ئەمەکوڕ بوو یا کچ بوو؟

حەمەعەلی/ کوڕ بوو.... تەواو.. مەعێن، وابزانم.

یۆست/ ژنیدووەمت؟

حەمەعەلی/ حەپسەساڵح ئەمین قارەمان.

وەرگێڕ/ چەند منداڵی هەبوو؟

حەمەعەلی/ یەک. پەروین.

یۆست/ خزمیترینزیکت کێبێسەروشوێن بووە؟

حەمەعەلی/ دوو خوشکمیش بووەو خوارزا و..

وەرگێڕ/ دوو خوشکت بزربوونە؟

»تێبینی: وەرگێڕ وشەیبزربوون بەکارئەهێنێکەنادروستەبۆ وەسفکردنیئەوەیلەئەنفالەکاندا ڕوویانداوە. لەڕاستیدا بێسەروشوێنکردن ڕاسترە«.

حەمەعەلی/ بەڵێ.

یۆست/ ناوەکانیان؟

حەمەعەلی/ ئامین. ئامین ئەحمەد محمد خەلیل.

وەرگێڕ/ خوشکەکەیترت؟

حەمەعەلی/ جەواهر.

یۆست/ دوایئەوە؟

حەمەعەلی/ خوشزا و خوارزاشم هەبی. ئەمانەمشەزۆر بووە. وەرگێڕ/ خوارزا؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.

وەرگێڕ/ ناویان بڵێ.

حەمەعەلی/ شیرین.

یۆست/ ناویتەواوی.

حەمەعەلی/ شیرین هەر شیرینیناوە.

وەرگێڕ/ ناویبابی؟

حەمەعەلی/ شیرین ڕشید ساڵح.

یۆست/ ئەیخوارزاکانت؟

حەمەعەلی/ منداڵەکانیان نازانم.

وەرگێڕ/ ئەوەچەند منداڵیان لەگەڵدا بوو؟

حەمەعەلی/ پێنج شەش منداڵیان بوو. ناویان نازانم ئێستاکەچونکە...

یۆست/ خوارزایترت هەبوو؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.

وەرگێڕ/ ناویچیبوو؟

حەمەعەلی/ بەکر.

یۆست/ ڕەشید ساڵح؟

حەمەعەلی/ بەڵێبەڵێ.

وەرگێڕ/ منداڵی هەبوو؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. نایێژم چوار پێنج منداڵی هەبوو؟ بەس شیرین و.. ئەو منداڵەکانیتر هیچی نازانم.

وەرگێڕ/ ئەوەژن و مێردن ئەوانە؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. پیاوەکەش گیریاوەئەو...

وەرگێڕ/ ئەوەژن و مێردن ئەو دوو ناوەیوتت، بەکر و شیرین؟

حەمەعەلی/ ئەوەنەْ.. ئەوەکەنیشک ڕەشیدە.

(دەنگێک لەدواوە: خوشک و بران)... ئەوە...

وەرگێڕ ئەوانەچییەکن؟ خوشک و بران؟.. «؟؟«

حەمەعەلی/ ئەوەیبەکرە، ئەو خوشزامە.. خوشزامە. ژنەکەشی هەم دایکیئامۆزامە.. ژنەکەشی گیریاوە.. ڕۆیوە.. کە نیشکێکیهەیەو...

یۆست/ ناوی؟

حەمەعەلی/ ژنەکە؟

وەرگێڕ/ ئا؟

حەمەعەلی/ سۆیبە.

وەرگێڕ/ ناویبابی؟

حەمەعەلی/ محمد.. کەریم کەریمیناوە.

وەرگێڕ/ سۆیبەکەریم؟

حەمەعەلی/ ئا.. سۆیبەکەریم.. ئەوەبێژم...

یۆست/ ناویباپیری؟

حەمەعەلی/ سۆیبەکەریم حەسەن محمد خەلیل.

**یۆست/ چەند کەسی خەڵکیعەلیان بێسەروشوێن بوونە؟**
**حەمەعەلی/ ئەم گوندە؟**
**وەرگێڕ/ ئا..**
**حەمەعەلی/ خەڵک ئەم گوندە.. هەمووبیست ماڵە.. هەیەیەکێکیدەنەفەری...**
**وەرگێڕ/ لەبیست ماڵەکەچەندی..؟**
**حەمەعەلی/ چۆن ئەڵێی؟**
**وەرگێڕ/ عەدەد، عەدەدیچەند؟ چەند کەسی..؟**
**حەمەعەلی/ مەخلوقەکە؟**
**وەرگێڕ/ ئا..**
**حەمەعەلی/ مەخلوقەکان.. بەڵێزەلامەکان..**
**وەرگێڕ/ بەهەموو چەندی..؟**
**حەمەعەلی/ بەمنداڵو بەهین؟**
**وەرگێڕ/ بەهەمووی.. عەدەدیچەند کەس بوو؟ دەنەفەر..؟**
**حەمەعەلی/ چوارسەد کەس ئەبێ.**
**وەرگێڕ/ چوارسەد کەس لەژیاندا مانەوە؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێ.. ئا.. بەمنداڵو گەورەوەچوارسەد کەس ئەبێ. یۆست/ ئەیچەند کەس لەژیاندا مانەوە؟**
**وەرگێڕ/ چەند مانەوە؟ چوارسەد کەس بزر بوون، چەندیمانەوە؟**
**حەمەعەلی/ نەماوە.. هیچ نەماوەتەوە.. کوا.. (بەدەست ئاماژەبۆ هەندێکەس لەبەرامبەر خۆیئەکا).. ئەوەماوەتەوە.. ئە ختیارە..**
**(ئەختیارەکان).**
**وەرگێڕ/ بەس ئەوەماوە؟**
**حەمەعەلی/ ئەیئەوەماوە.. ئا ئەوانە.**
**(دەنگێک لەپشتیکامیراکەوە: من لەدەماڵدا بەس خۆم ودوومنداڵماوین.. هەشتیخاوەن خێزان بوونە..).**
**حەمەعەلی/هیچی نەماوە.**
**(هەمان دەنگ: گشتیخاوەن خێزان بوون..).**
**وەرگێڕ/ لەدەماڵ؟**
**حەمەعەلی/ ئا.. هیچینەماوە.. بەس خۆیدەرچووە.**
**وەرگێڕ/ یەعنیلەدەعائیلە؟**
**دەنگ/ (هەمان دەنگ لەپشتیکامیراکەوە: ئا: لەدەعائیلەدوویەبێهەشتیخاوەن خێزان بوو..).**
**حەمەعەلی/ هیچینەماوە.**
**(دەنگێکیتر: بەخوا ڕاست ئەکا هەشتیساحب ماڵو منداڵبوو..).**
**یۆست/ بیست عائیلەبوون؟**
**حەمەعەلی/ بەڵێبەڵێبیست ماڵین.. بیست عائیلەبووە. هیچینەماوە. بەس من و زەلامێتر دەرچوومان لەم ناوەیا.. ئە ویش لەگەنجەکان لەبان جەعدەکەلەقەد من بوو لەبان مەکینەکەبازیدایەخوارەوە.. نازانم چۆن دەرچوو..؟**
**یۆست/ ئەیژن؟**
**وەرگێڕ/ ئەیژن و منداڵ؟ هەموویبزر بووە؟**
**حەمەعەلی/ هەمووی.. هیچ نەماوە.**
**یۆست/ زۆر سوپاس.**
**حەمەعەلی/ چاو ئێمەن!**
**دەنگێک لەتیمەکە/ هیلاک بووی...**

حەمەعەلی/ وەڵلایی من ئەوەندەیخۆشی ئێوەم گەرەکە..
ئەمەننەپێم خۆشەئێستاکەئەمەنە... ئێستەمن گەرەکمەئەمەبچم بۆ لایمام جەلال قسەبکەم... لەبەرئەوەیەئێمەئیفادەیلێ وەرئەگرین..
خۆ ئێستەش ئەزانم ئەمەش چاک چاک ئەڕوا.. «مەبەستیئەوەیەئەو چاوپێکەوتنەش هەر ئەبێسوودە، چونکەهیچ بۆ قوربانیانیئەنفالەکان نەکراوە.. من پێموایەتاکو ئێستاش کە(2008/3/10)ەئەوگەیییەیحەمەعەلی کاریگەریخۆیماوە ...».
..چۆن بێژی.. بەس من لەکاتێکا من ڕۆیم بۆ ئێران (دیارەلەکاتیکۆڕەوەکەدا بووە)، ئەوەئەو پیاوەخەبەریهەیە، لایئەو پیاوەهەرچیهەبێلەدڵخۆما باسم کردووەبۆی... ئەو پیاوەش لەلایهیچ کەسێباسی ناکات.. بەس..
یۆست/ ژنت هێناوە؟ حەمەعەلی/ بەڵێ.. ژنم هێناوەتەوە. بەس منالم نییەو هیچم نییە!

گوندیعەلیان، دەروازەیەک بۆ تراجیدیایکوشتنیبەکۆمەڵ"سەرگوزشتەیدەربازبوویەکیگۆڕەبەکۆمەڵەکان"

2008 /5/5

## کۆتایی

یۆست/ لەبەرچیبەو ڕووکار (اتجاه)ەئەڕۆیشتی؟
"تێبینی: خوێنەریبەسەلیقەدەبێهەستیبەوەکردبێکەشێوازیداڕشتنەوەیبەشێکیزۆریپرسیارەکانییۆست لەلایەن منەوە نووسراوەتەوە. واتەئەگەر وەرگێڕانەکەیوەرگێڕ لەڕوویواتاوەوەک پرسیارەکانییۆست بووبن، لەو حاڵەتەدا پشتم پێبە ستوون و نووسیومەتەوەیان دامڕشتۆتەوە، بەڵام ئەگەر وەرگێڕ بەجۆرێکیتر پرسیارەکەیوەرگێڕابێ، ئەوا من پرسیارەکە ییۆستم سەرلەنوێوەرگێڕاوەتەوە، بەڵام بۆ ئامانەتیچاوپێکەوتنەکەش وەرگێڕانەیوەرگێڕەکەشم بەجیاواز لەژێر ئەوەوە نووسیوەتەوە".
حەمەعەلی/ لەبەرئەوەیهیچ نەبوو بخۆم و نەموێرا لادەمەئاواییەوەو نەمەوێرا بڕۆمەلایشوانێک نانیبخۆم لەبەرئەوەی ئەموت ئەمگرن.
یۆست/ تۆ لەبەرچیکەئەڕۆیشتیخۆرت ئەخستەلایشانیڕاستت؟
وەرگێڕ/ لەبەرچیئەو ڕێیەت گرتەبەر؟
حەمەعەلی/ لەبەرئەوەئەو ڕێیەم گرتەئەموت خۆرەکەلەولاوەئەڕوا لەدەستەڕاستمەوەئەچوو بەشکەم بڕۆم.. مەنتیقەکە ناشارەزابووم لەبرسیا بمرم هەر ڕێئەکەم بەس حکومەت نەمگرێ..
یۆست/ یەعنیوات دەزانیئەگەر خۆر لایدەستەڕاستیخۆتەوەبێت دەگەیتەوەزێدیخۆت (hom Land)؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئەو چوار شەو و ڕۆژەکەست دی؟
حەمەعەلی/ بەڵێشوانم ئەدیلەو مەنتیقەیە.. شوان عارەب.. و دزیئەوش.
یۆست/ خاک و سروشتیئەو ناوچەیەچۆن بوو؟
وەرگێڕ/ عەرزەکەچۆن بوو؟
حەمەعەلی/ دەشت بوو.. ڕاستیبوو.
یۆست/ زەویەکەهەموویگیابوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێگیابوو.. جۆبوو، گەنم بوو.. ئیتر ئاوها.

یۆست/ گوند نەبوو؟

حەمەعەلی/ با گوندیش بوو.. هاتم مەنتیقەیەک پاش دوو ڕۆژ ڕێبکەم.. پاش دوو ڕۆژ بووەگوند.

وەرگێڕ/ گوندێکت دی؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. دوو سێگوندم دی.

یۆست/ چوویتەگوندەکان؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. برسیم بوو، چوار ڕۆژ هیچم نەخوارد، وتم لەبرسیا ئەمرم، نەمئەتوانیبڕۆم. لێرەکەڕۆیم لەسەیارە کەئیتر پەکم کەوت، نەم ئەتوانیئیتر بڕۆم.. ڕۆیمەئەوگوندەلامداو وتم ئەچم نانێک ئەخۆم لەماڵێک، ئیترلەوڕەگرتمیان.

یۆست/ ڕۆژیدووهەم بوو؟

حەمەعەلی/ پاش چوار ڕۆژ چوار ڕۆژ.

یۆست/ چوویتەگوندەکە؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.

یۆست/ گوندەکەکورد بوو یا عەرەب؟

حەمەعەلی/ عارەب بوو.

یۆست/ لەوێچیڕوویدا؟

حەمەعەلی/ وەڵڵا ئیتر لەورەخڕبوون لێم وتیان ئەمەکوردیە.. خڕبوون لێم بێژە.. چۆن وتیان ئەمەلەتەیارەبەربوویتەو.. وتیبزانەئەمەچییە؟.. ئێرانیە؟

وەرگێڕ/ کوڕەتەیارەیەخۆت دروستیئەکەی.. "وەرگێڕەکەبەحیلکەیپێکەنینەوەگاڵتەیبەو قسەیەیحەمەعەلی دێت".

حەمەعەلی/ کوڕەنانا.. ئەوان.. ئەوان.. ئەوان ئەیانوت ها بڵێبزانەئەمەکوردەو لەتەیارەبەرەوەبیە..

وەرگێڕ/ لەبەینیخۆیان وایان ئەوت؟

حەمەعەلی/ ئائا لەبەینیخۆیان.. ئارەوەڵڵا ئاوها "بەدەستیئاماژەئەکات" خڕبوون لەبانم.

یۆست/ چ کاتێک بوو گەیشتەگوندەکە؟

حەمەعەلی/ بۆ دێکە؟.. ئاوەڵڵا سەعات دوانزەو ئەو ناوەبوو..

وەرگێڕ/ ڕۆژ؟

حەمەعەلی/ ئائا ڕۆژ بوو.. وتم لەبرسیاهاتووم.

یۆست/ دوایئەوەچیڕوویدا؟

حەمەعەلی/ دوایی نانێکیان داپێم.. نانێکم خوارد.. وتم نانم بۆناخورێ. لەترسا نانێکم خواردوچایان داپێم.. سەیارەیەکیان هاورد نامیانەناویوهاوردمیان بۆ.. بۆ مەنتیقەیەک بوو لەورا سجنمیان کرد. یۆست/ ئەوانەینانیان دایتێئەوانە سجنیان کردی؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. عەشایربوون. لەڕێش نەختێکیان داڵێم و...

وەرگێڕ/ لێیان دای؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. خەریک بوو ڕاکەم دایان لێم.

یۆست/ ویستت لەناوسەیارەکەهەڵێی؟

حەمەعەلی/ بەڵێ.. لەناوسەیارەکەش گەرەکم بوو هەم ڕاکەم، دایان لێم.

یۆست/ قسەیان لەگەڵکردی؟

حەمەعەلی/ من عەرەبیم نەئەزانی.. دەنک.. هیچم نەئەزانی.

یۆست/ بەکوردیقسەیان نەکرد لەگەڵتا؟

حەمەعەلی/ نەْ ..کوردیتیا نەبوو، نەْ ..ئەومەنتیقەکوردیهەرنەبوو.

یۆست/ یانیهیچ گفتوگۆیەکتان ئەکرد؟

حەمەعەلی/ نەْ ..نەبوو، نەْ ..

وەرگێڕ/ نەتۆ لەگەڵت کردن نەئەوان؟

حەمەعەلی/ هیچ.. من عارەبیم نەئەزانی، ئەوانیش کوردییان نەئەزانی.
یۆست/ هەرئەوانەی‌نان وچایەکەیان دایتێ‌تۆیان بەسەیارەبرد؟
حەمەعەلی/بەڵێ.
یۆست/ تۆیان لەکوێ(یان لەچیدا) سجن کرد؟
حەمەعەلی/.. قاعەیەک بوو، شورتەبوو. بردمیانەمەنتیقەیەک وەک نەحیەبوو.
یۆست/ شار بوو؟ حەمەعەلی/ بەڵێ‌شاربوو.
یۆست/ قاعە(هۆڵ)ی‌شورتە(پۆلیس) بوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێ‌شورتەبوو.
یۆست/ ئەو کەسانەی‌تۆیان برد خۆیان پۆلیس بوون یان تۆیان تەسلیم بەپۆلیس کرد؟
حەمەعەلی/ نەْ، منیان تەسلیم پۆلیس کرد.
یۆست/ لەمەرکەز شورتەکەکەس بەکوردی‌هەبوو قسەبکات؟
حەمەعەلی/ نەوەڵڵا کەس نەوی.
یۆست/ ئەوجا چی‌ڕوویدا؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا هەرشورتەلەوراکەبوی.. بەس یەکێک بووبەحاڵ‌کوردی‌ئەزانی.. کەم..
وەرگێڕ/ شورتەکان؟
حەمەعەلی/ ئا.. کەمیان.. ئەویش کەم ئەیزانی.
وەرگێڕ/ بەڵێ..
حەمەعەلی/ دوو شەو لەویانەسجن بووم ودوای ئەوساکەلەوراکەش پاش شەوەکەقسەیان لەگەڵم کرد وتیان تووچیت؟ وتم من قەسابم، هاتووم ئەمانەگرتمیانەهاوردمیانە.. بەو شورتەیە.
وەرگێڕ/ ئەوەی‌کوردی‌ئەزانی؟
حەمەعەلی/ ئا..ئا ئەوەی‌کەمێ‌کوردی‌ئەزانی. ئیفادەمیان سەند.. وتم من قەسابم، هاتوومەتەئەو ماڵە، ئەوانیش منیان گرتووەوهاوردومیانەئێرە.
یۆست/ چ پرسیارێکیان لێکردی؟
حەمەعەلی/ وتیان.. هەرچی‌قسەیان لەگەڵما ئەکرد خۆم کردبووەشێت جوابم نەئەدانەوە.
وەرگێڕ/ پرسیارەکان چ بوون؟
حەمەعەلی/ ئەیانووت چیت؟ لەکوێوەهاتوویتە؟ هەرئەموت قەساوم تەواو.. بەڵێ‌ئەوکاتەپرسیاریشیان کردعایدی‌کێی؟ وتم عاید فەتاح بەگم.. ئەوەمەوەت.
وەرگێڕ/ فەتاح بەگ چییە؟
حەمەعەلی/ فورسان بوو لەکەلار.. لەترسا وتم عاید فەتاح بەگم.. ئا.. لەترس گیان خۆما.
یۆست/ فەتاح بەگ؟
حەمەعەلی/ بەڵێ
یۆست/ موستەشار؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ لەکەلار؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ دوای‌ئەوە؟
حەمەعەلی/ پاش ئەوەدوای‌دوو ڕۆژەکەلەوراکەهاوردمیان..
سەیارەیەکیان هاورد نامیانەناوی‌هاوردمیانەموسڵ.
یۆست/ چەندی‌پێچوو هەتا موسڵ؟

حەمەعەلی/ بەخوا وەعەقڵ، وەعەقڵسەعاتێکیبردبێ،
بەسەیارەش.
یۆست/ بابگەڕێینەوەدواوە. تۆ چوار شەو و چوار ڕۆژ مایتەوە. چوویتەئەو گوندەو لەوێبەسەیارەتۆیان بردەئەوشوێنەی وەکو ناحیەبوو. یۆست/ لەنێوان ئەو گوندەو ئەوناحیەجادەیقیر هەبوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێبوو.
وەرگێڕ/ یەعنیجادەقیر لەوگوندەهەبوو بۆناحیە؟
حەمەعەلی/ بەڵێهەرلەوێسەیارەکەمنیان سوارکرد ڕۆییەبان قیرەکە.
یۆست/ لەماڵەکەوەتا مەرکەز شورتەکەچەند دوور بوو؟
حەمەعەلی/ بەعەقڵ، بەعەقڵئەبێسەعاتێک بووایە.. بەمەزەنە! یۆست/ لەگوندەکەتا مەرکەزشورتەکەسەعاتێکتان پێچوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ لەمەرکەز شورتەکەش هەتا موسڵسەعاتێکیتر؟
حەمەعەلی/ ئا.
یۆست/ لەموسڵچیڕوویدا؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا ئیترلەموسڵ.. کاتێک هاتمەموسڵجەماعەت کورد لەوەرەزۆر سجن بوون لەگەڵما.. منیش هیچ لەبەرما نەوی...
وەرگێڕ/ لەموسڵتۆیان هێنایەکوێ؟
حەمەعەلی/ هاوردمیانەمەرکەزشورتە.
یۆست/ لەمەرکەزشورتەکەکوردیزۆر تێدا بوو؟
حەمەعەلی/ بەڵێکوردیزۆر تێدا بوو.
یۆست/ چیان پێووتی؟
حەمەعەلی/ وەڵڵا لەورەکەلپەل نەبی لەبەرما، لەورەشەرواڵێکیان داپێم وبڕێپارەو مارەیان داپێم.
یۆست/ ئەو کوردانەلەبەرچیلەوێبوون؟
حەمەعەلی/ سجن بوون ئەوانیش.
یۆست/ تاوانبار بوون؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهینازانم. ئەوانیش سجن بوون. نازانم. کوردبوون و...
یۆست/ ئەنفال نەبوون؟
حەمەعەلی/ نەْ.. باوەڕ ناکەم.. نەْ.

یۆست/ باشەئەیدوایئەوە؟
حەمەعەلی/ دوایئەوەلەوراکەهاوردمیان بۆ کەرکوک.. تێیتەکەرکوک لەورەوە؟ بۆ کەرکوک تێ؟ تێتەکەرکوک؟
یۆست/ تۆیان بردەکوێ؟
حەمەعەلی/ لەورەدەرمیان کرد هاوردمیان بۆ کەرکوک.

یۆست/ دوایچەند ڕۆژ؟
حەمەعەلی/ تەقریب دەڕۆژمامەوە.
یۆست/ هەر لەسجن بووی؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئەیلەکەرکوک؟
حەمەعەلی/ لەکەرکویش تەقریب پانزەڕۆژ مامەوە.. لەشورتە.
یۆست/ دوایی؟
حەمەعەلی/ دوایی لەورەهاوردمیانەهەولێر.

یۆست/ دوایئەوە؟
حەمەعەلی/ بردمیان بۆسلێمانی.
یۆست/ هەرلەشورتەبووی؟
حەمەعەلی/ بەڵێ.
یۆست/ ئەوماوانەیئێستەباسی دەکەی، پۆلیسەکان بەکوردیقسەیان لەگەڵئەکردی؟
حەمەعەلی/ بەڵێبەڵێ، ئیتر هاتم لەموسڵوەملاوە....
یۆست/ ئەیلەموسڵچیت بەپۆلیسەکان ووت؟
حەمەعەلی/ ووتم قەساوم گرتومیانەڕام کردووە.. قەساوم گرتمیانە.

یۆست/ عەرەبەکان؟
حەمەعەلی/ بەڵێبەڵێلایعەرەبەکان و دوایش لایکوردەکان. لەسەرئەوئیفادەنەهاتوونەشوێنم؟ وتم قەساوم وعاید فەتاح بەگم.
یۆست/ ناویفەتاح بەگت هێناوەلایان؟
حەمەعەلی/ لایکێئەڵێیت؟
یۆست/ لەمەرکەزشورتەیموسڵ؟
حەمەعەلی/ بەڵێوتمەئیفادە.. هاتن ئەمیانبرد ئیفادەمیان ئەسەند، ئەمووت فرسانم عاید فەتاح بەگم.
یۆست/ هیچ داوایهەویەو جنسیەیان ئەکرد؟
حەمەعەلی/ جنسیەناڵێم لەوراکەلێمیان سەند؟ لەو کاتەوەدامیانگرت؟ هیچم پێنەبوو.
یۆست/ پۆلیسی موسڵداوایکارت وهەویەیان لێ نەکردی؟
حەمەعەلی/ نەْ.. وتم هیچم نییە، هیچم پێنییە. بەس ئەو...
یۆست/ ئەوەبەلایانەوەسەیرنەبوو؟
حەمەعەلی/ کوڕەوەقورعان عالەمیان لەوکاتەیا گرتبوو، خەڵکیناوشاریان گرتبوو.. ئەنفال ومەنفال ئەوناوە.. ناپرژێ.. ئەگەرسجنیتیا نەوێلەحەوت سەدولەشەش سەد کەمتریتیا نەبووەموسڵیش.. لەهین لەهەولێر لەکەرکوک لەموسڵعالە میان ئەگرت لەوکاتەیا وخەڵک ناوشاریانیش ئەگرت سجنیان ئەکرد.
یۆست/ پێیان سەیرنەبووکەتۆجنسیەت پێنییە؟
حەمەعەلی/ وەڵڵاهینازانم.
یۆست/ ئەیلەسلێمانییەوە؟

حەمەعەلی/ لەسلێمانی، لەورەش دوو ڕۆژ مام، یەکسەرهاوردمیان بۆکەلار.
یۆست/ هەر پۆلیس؟
حەمەعەلی/ بەڵێبەڵێ.
یۆست/ دوایئەوە؟
حەمەعەلی/ دوایئەوەلەکەلار واسیتەوماسیتەچوارهەزاردینارمدا، بردمیانەوەلەسلێمانیبەرمیاندا.. واسیتە.. سێمانگ سجن بووم لەسلێمانی

.